بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقايعی كوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حكومەتی هەرێمی كوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەكات

ژمارە ( ٦٢ ) سالی شەشەم ٢٠٠٦/٨/٢٧ ی ز ( ٤ ) ی گەلاوێژ ٢٧٠٦ ی كوردی ( ٣ )ی رەجەب ١٤٢٧ ی كۆچی

## لەم ژمارەیەدا :

62

* **یاسای ژمارە ( ٤ ) سالی ٢٠٠٦** ل١
  یاسای وەبەرهێنان .

* **فەرمانی ژمارە ( ٦٠ ) سالی ٢٠٠٦ ی سەرۆكایەتی هەرێم** ل١١
  هەلكردنی ئالای كوردستان.

* **بڕیاری ژمارە ( ١ )ی سالی ٢٠٠٦** ل١٢
  تەسدیق كردنی پێكهاتنی نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان

* **بڕیاری ژمارە ( ٤ )ی سالی ٢٠٠٦** ل١٥
  متمانەدان بە بەرێز ( **ئاشتی هەورامی** ) ببێ بە وەزیری سامانە سروشتی یەكان.

* **بڕیاری ژمارە ( ٥ )ی سالی ٢٠٠٦** ل١٦
  پالاوتنی بەرێز ( **كۆسرەت رەسول علی** ) بۆ پۆستی جێگری سەرۆكی هەرێم.

* **بڕیاری ژمارە ( ٦ )ی سالی ٢٠٠٦** ل١٧
  قبولكردنی دەست لەكار كێشانەوەی خاتوو ( چنار سعد عبداللە ) لە ئەندامی ئە نجومەنی نشیتمانی كوردستان و قبولكردنی بەئەندامبونی ( د.ڕۆژان عبدالقادر ).

* **بڕیاری ارە ( ٧ )ی سالی ٢٠٠٦** ل١٨
  درێژە پێدانی خوولی بەستنی ەكەمی ئە نجومەنی نیشتمانی كوردستان تاكو ( ٢٠٠٦/٧/٧ ).

* **بڕیاری ژمارە ( ٨ )ی سالی ٢٠٠٦** ل١٩
  زیاد كردنی بەرێز ( د.ڕۆژان عبدالقادر ) ئەندامی ئە نجومەن یۆ لیژنەی كاروباری پەروەردە و فێركردنی بالا و كاوباری تەندروستی كۆمەلایەتی .

* **بڕیاری ژمارە ( ٩ )ی سالی ٢٠٠٦** ل٢٠
  سپاردنی ئەرك و فەرمانی سكرتێری ئە نجومەن بە بەرێز ( شێروان ناصح حەیدەری ) لە بە درێژایی ئامادە نەبوونی بەرێز ( فرست احمد عبداللە ).

* **نیزامی ژمارە ( ١ )ی سالی ٢٠٠٦** ل٤٠
  نیزامی ئە نجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان.

* **بەیانی ژمارە ( ١ ) ی سالی ٢٠٠٦ ی وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل٢١
  گۆرینی بنكەی گومرگی فرۆكە خانەی هەولێری نێودەولەتی بە بەرێوەبەرایەتی

www.dad4kurdistan.com
e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان : هەولێر بالەخانەی وەزارەتی داد

بدالە ( ٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق - تصـدرها وزارة العـدل

العـــدد (٦٢) | السـنة السادسة | ٢٧/ ٨/ ٢٠٠٦م | (٤) گەلاوێژ ٢٧٠٦ ك | (٣) رجب١٤٢٧ هـ

## في هذا العـدد


* **قانون رقم (٤) لسنة ٢٠٠٦** ص٢٢
  قانون الاستثمار في اقليم كوردستان .

* **قرار رقم (١) لسنة٢٠٠٦** ص٣٠
  تصديق الاتفاقية المبرمة بين قيادة الحزب الديقراطي كوردستان و الاتحاد الوطني الكوردستاني.

* **قرار رقم (٤) لسنة٢٠٠٦** ص٣٤
  منح الثقة للسيد ( آشتي هورامي ) وزيراً للموارد الطبيعية.

* **قرار رقم (٥) لسنة٢٠٠٦** ص٣٥
  اقرار ترشيح السيد ( كوسرت رسول علي ) نائباً لرئيس إقليم كوردستان.

* **قرار رقم (٦) لسنة٢٠٠٦** ص٣٦
  قبول اسقالة ( ضنار سعد عبدالله ) من عضوية المجلس الوطني لكوردستان و قبول عضوية المرشح (د.رۆژان عبدالقادر ) .

* **قرار رقم (٧) لسنة٢٠٠٦** ص٣٧
  تمديد دورة الانعقاد للمجلس الوطني لكوردستان-العراق لغاية ٢٠٠٦/٧/٧

* **قرار رقم (٨) لسنة٢٠٠٦** ص٣٨
  اضافة عضوة المجلس الوطني (د.رۆژان عبدالقادر )الى لجنتي شؤون التربية والتعليم العالي و الشؤون الصحية و الاجتماعية.

* **قرار رقم (٩) لسنة٢٠٠٦** ص٣٩
  اناطة مهام سكرتير المجلس الطني السيد ( فرست احمد عبدالله ) بعضو البرلمان السيد ( شيروان ناصح الحيدري ) طيلة فـترة غياب السكرتير.

* **نظام رقم (١) لستة ٢٠٠٦** ص٤٠
  نظام رئاسة المجلس الوزراء لاقليم كوردستان.

* **بيان رقم (١) لستة ٢٠٠٦** ص٢١
  تغيير مركز جمرك في مطار اربيل الدولي الى مديرية


www.dad4kurdistan.com
e.mail: waqaea@yahoo.com

بـدالــة ( ٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣ )

**بەنــاوی خــوای بەخشــندەو میهــرەبان**
**بەنــاوی گەلــەوە**
**ســەرۆکایەتی هــەرێمی کوردســتان – عێـراق**

پشت بە حوکمی برگە (١)لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ســـالّی (١٩٩٢) هەموارکراو، لەسەر خســتنەڕووی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردســـتان– عیراق، ئەنجومەن لە دانیشـــتنی رۆژی (٢٠٠٦/٧/٤) بڕیاری دا ئەم یاسایەی خوارەوە دابنێت:

## یاسای ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی ٢٠٠٦
## ( یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان- عێـراق )

## دەروازەی یەکــەم
## حوکمە گشتیەکان

### بەشی یەکــەم
### پێناســەکان

**ماددەی یەکــەم:**
ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن.
**یەکــەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.
**دووەم:** حکومەت: حکومەتی هەرێم.
**سـێیەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان.
**چـوارەم:** سەرۆك: سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان.
**پێنجەم:** دەستە: دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا.
**شەشــەم:** سەرۆکی دەستە: سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان.
**حەوتـــەم:** پـرۆژە: چـالاکیەکی ئابووریـە یـان پرۆژەیـەکی وەبەرهێنەرییـە کەکەسێکی سروشـتی یـان یاسـایی(مەعنـەوی) دایدەمـەزرێنێت لەسـەر زەویـەکی تـەرخانکراو بـۆی ، بـە سـەرمایەکی، نیشتمانی، یان بیانی، وحوکمەکانی ئەم یاسایەو ئـەو پـەیرەو ورێنماییانـەی بـە گوێرەیـەوە دەرچوون، لەسەریان پیادە دەکرێن.
**هەشــتەم:** باج ورەسمەکان: هەموو ئەو جۆرە باج و رەسمانـە دەگرێتـەوە کـە بـە پێـی یاسـاکانی کـارا دیارکراون.
**نۆیــەم:** وەبەرهێن: ئەوکەسە سروشتیە یان یاساییەیە(مەعنەوی)یە کە سامانەکەی لە هـەرێم دا بـەپێی ئەم یاسایە وەبەردێنێت، چ نیشتمانی بێت یان بیانی.
**دەیــەم:** لایەنـە تایبەتمەنـدەکان: هـەموو ئـەو لایەنـە حکومیانـە دەگرێتەوەکـە بەرپرسـن لـەو کەرتـەی پەیوەستە بە کاروباری پرۆژەکە.
**یازدەم:** سەرمایەی وەبەرهاتوو: بەهای خەملّێنراو بە دراوی بیانی یان نیـشتمانی کـە لـە پرۆژەکـەدا وە بەر هاتووە .
**دوازدەم:** سەرمایەی بیانی: ئەو سامانە دراویە، شتومەکە جەستەییانە، یان مافێکە نرخێکی دارایی هەیە ووەبەرهێنی بیانی لە هەرێمدا وەبەری دێنێت.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## بەشـی دووەم
## بوارەكانی وەبــەرهێنــان

**ماددەی دووەم:**
حوكمەكانی ئەم یاسایە لەسەر ئەو پرۆژانە پیادە دەكرێن كە دەستە لە یەكێك لەو كەرتانەی خوارەوە دا رەزامەندیان لەسەر دەدات:

**یەكەم:** پیشەسازییە گۆڕاوەكان (التحويلية) وكارەبا وئەو خزمەتگوزاریانەی پێیانەوە بەندن.

**دووەم:** كشتوكاڵ بەهەر دوو لایەنیەوە، رووەكـی وئـاژەڵی، ودارسـتان وئەوخزمەتگوزاریانـەی پێیانـەوە بەندن.

**سێیەم:** هوتێل وپرۆژەكانی گەشتیاری وكات بەسەربردن وشارەكانی یاری.

**چـوارەم:** تەندروستی وژینگە

**پێنجەم:** توێژینەوەكانی زانستی وتەكنۆلۆژی وتەكنۆلۆژیای زانیاریەكان.

**شەشەم:** گواستنەوە وگەیاندنی سەردەم.

**حەوتەم:** بانكەكان وكۆمپانیاكانی دڵنیاكاری (تأمين) ودەزگا داراییەكانی دیكە.

**هەشتەم:** پرۆژەكانی ژێرخـانی ئـابووری، وەك بنیاتنـان وئاوەدانكردنـەوە و نیـشتەجێكردن ورێگاوبـان وهێڵی شەمەندەفەر وفرۆكەخانە وئاودێری وبەنداوەكان.

**نۆیەم:** ناوچە ئازادەكان وبازارە بازرگانیە سەردەمی یەكان وئەو خزمەتگوزاریە راوێژكاریانەی پێیانەوە بەندن.

**دەیەم:** فێركردن لەهەموو قۆناغەكان دا، لە چوارچێوەی سیاسەتی فێركاری لە هەرێمدا.

**یازدەم:** هەر پرۆژەیەك لە هەر كەرتێكی دیكەی ئەنجومـەن رەزامەنـدی لەسـەر خـستنەبەر حوكمـەكانی ئەم یاسایەی بدات.

## بەشـی سـێیــەم
## رەفتار لەگــەڵ وەبەرهێنی بیــانی

**مادەی سـێیەم:**
رەفتار لەگەڵ وەبەرهێن وسەرمایەی بیانی وەك وەبەرهێن وسەرمایەی نیشتمانی دەكرێت ووەبەرهێنی بیـانی بـۆی هەیـە هـەموو سـەرمایەی ئـەو پـرۆژەی بـەناو بێـت كـە بـەپێی ئـەم یاسـایە، لـە هـەرێم دا دایدەمەزرێنێت.

## بەشـی چـوارەم
## تەرخانكـردنی زەوی وزار

**ماددەی چـوارەم:**

**یەكەم:** دەستە، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت وفەرمانگە پەیوەندارەكان، دەستنیشانی ئـەو شـوێنانە دەكات كە بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنانی هەر پارێزگایەك تەرخان دەكرێن ولە ئایندەدا بەپێی ئـەم یاسایە دادەمەزرێن و لەسەر وێنەی تۆمارەكانیاندا ئاماژە دادەندرێت كە ئـەم شـوێنانە تایبـەتن بە مەبەستەكانی دەستە.

**دووەم:** فەرمانگە پەیوەندارەكان، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەدا دەستنیشانی هەر شـتێك دەكـەن كـە پرۆژە پێویستی بێت لە زەوی وزاری نێو نەخشەی بنەڕەتی شارەكان ودەرەوەیاندا وتەرخانیان دەكەن بە شێوەی كرێ وبانـەوانی(مـساطحة)، بـە نرخێكـی هانـدەر وبـەپێی ئـەو رێكسازیانەی دەستە دایان دەنێت، بەدەر لە حوكمەكانی یاسای كارای فرۆشتن وبەكرێدانی سامانەكانی میری لە هەرێم دا.

**سـێیەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە، لە سەر پێشنیاری دەستە، ئەو زەویانەی كە بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان تەرخانكراون بەپێی ئەم یاسایە، بە نرخێكی هاندەر كە دەستە پێشنیاری دەكات یان بەخۆڕایی بەناویان بكات، بە مەرجێك سروشت و گرنگیی ئەو پرۆژانە وپێویستیەكانی بەرژەوەنـدی گـشتی

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

لـە كـاتی بەناوكردنـدا لەبەرچـاو بگیرێـت. ئەمـەش بـەدەر لـە حوكمـەكانی یاسـای فرۆشـتن و بەكرێدانی سامانەكانی میریی كارا لە هەرێمدا.

**چوارەم:** لە فەرمانگەكانی تۆماركردنی خانووبەرەی تایبەتمەند، ئاماژەی گلدانەوە لەسـەر ئـەو زەویانـە دادەندرێت كە بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان تەرخانكراون، ونابێ ئەم ئاماژەیە لابرورێت تـەنها بـە رەزامەندیەكی نووسراوی دەستە نەبێت، دوای ئەوەی كە وەبەرهێن هەموو پابەندیـەكانی خـۆی جێبەجێ دەكات.

**پێنجـەم:** لە پێناو هێنانەدی ئامانجەكانیدا، دەستە دەسەڵاتی هەیە ئەو زەویانە بەناوی خۆی بكات كە موڵكی دەوڵەتن، وەك موڵكێكی صرف و بەبێ پـارە. هـەروەها ئـەو زەویانـەش بـەناوی خـۆی بكات كە مافی رەفتاركردنیان (حق التصرف)، بەسەرەوە هەیـە، دوای كوژاندنـەوەی مافـەكانی رەفتاركردن لەسەریاندا وقەرەبوو كردنەوەیەكی دادپەروەرانە وگونجاوی خاوەنەكانیان بـەپێی یاساو پەیڕەو و رێنماییە رەچاوكراوەكان لەم بارەیەوە.

**شەشەم:** وەبەرهێن مافی كڕین وبەكرێ گرتنی ئەوزەوی وخانوبەرانەی هەیـە كـە پێویسـتن بۆدامەزرانـدن وفراوانكردنوو و هەمە جۆركردن وپەرەپێدانی پرۆژەكـە بـەپێی حوكمـەكانی ئـەم یاسـایە ولـە سنووری ئەو رووبەر وئەو ماوەی لە رۆشنایی ئامانجەكانی پرۆژەكە وپێداویستی راستەقینەیدا دەخەملێنرین، بەرەچاوكردنی حوكمەكانی برگەی (٣) ی ئەم مادەیە.

**حەوتـەم:** ئەو زەویانەی پێویستن بۆ ئەو پرۆژە وەبەرهێنەرانەی كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسـایە بـە ئەنجام دەگەیەندرێن جیادەكرێنەوە لە سنووری ئەو رووبەرەی كـە لـە رۆشـنایی ئامانجـەكانی پرۆژەكە وپێداویستی راستەقینەی دەخەملێنرێن بە پێی ئەو مەرجە تایبەتیانەی كە لـە لایـەن دەستەوە دیاردەكرێن بە دەر لەو حوكمانەی كە لەم بارەوە رەچاوكراون.

**هەشـتەم:** گۆڕینی شوێنی پرۆژەكە دەكەوێتە ژێرباری هەمان بنەماو مەرجەكانی تـەرخانكردنی شـوێنی پرۆژەكە، كە یەكەم جار رەچاو كراون.

**نۆیـەم:** لایەنەكانی تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستە، خزمەت گوزارییە گشتییەكانی وەك ئـاوو كارەبا وئاوەڕۆو رێگای گشتی وپەیوەندییەكان وشتی دیكەش بۆ سـنووری پرۆژەكـە فەراهـەم دەكەن بە مەرجێك برێكی پێویست لە بودجە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بكرێت.

**دەیـــەم:** جگـە لـەوەی كـە وەبـەرهێنی بیـانی، بـەپێی حوكمـەكانی ئـەم یاسـایە، مـافی موڵكـدارێتی و بـەكرێگرتنی زەوی و ئوتـومبێلی بەرهـەمهێنانی هەیـە، مـافی ئەوەشـی هەیـە خـانوو بـەرەی نیـشتەجێ كـردن وئۆتـۆمبێلی بەرهـەم نـەهێن، وئـەوەی پـرۆژە پێـی دەوێـت بیانكرێـت یـان بەكرێیان بگرێت لە پێناو بەرژەوەندی پـرۆژە وەبەرهێنەرەكـەی، دوای وەرگرتنی رەزامەنـدی دەستە لەسەریدا وبەپێی ئەومەرجانەی كە لەلایەن دەستەوە بۆ ئەم مەبەستە دیار دەكرێن.

## دەروازەی دووەم
## بەخشـینەكان و پابەندیـەكان

### بەشـی یەكـەم
### بەخشـینەكانی باج وگومـرگ

**مادەی پێنجـەم:**

**یەكـەم:** پرۆژە لە هەموو وباج رەسمە ناگومرگیەكان دەبوردرێت بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لـە رۆژی دەسـت پێكردنی بە پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكانی، یان لە رۆژی بەرهەمهێنان بە كردەنی.

**دووەم:** ئامێرو دەزگـا و كەرەسـتەومەكینە هاوردەكـانی پـرۆژە لـە رەسـم و باجـەكان ومـەرجی مۆڵـەت بەدەسـت هێنـانی هـاوردن دەبـوردرێن، بەمـەرجێ لـە خاڵـەكانی دەربـازبوونی سـنوورەكانی هەرێمەوە بێنە ژوورەوە ودەبێ لە مـاوەی (٢) دووسـاڵ لـە رۆژی رەزامەنـدی سـەرۆكی دەسـتە لەسـەر لیستەكان، بهێندرێنـە نـاو هـەرێم، وەتـەنها بـۆ مەبەسـتەكانی پرۆژەكـە بـەكاربێن. بـە پێچەوانە، ئەو لێخۆشبوونانە ناگرنـەوەو وەبـەرهێن ناچـاردەكرێت باجەكـە بـدات و دووهێنـدەی باجەكەش غەرامەی لێوەردەگیرێت.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**سێیەم**: لە رەسم و باجی ئەو پارچە یەدەگە هاوردانەی پرۆژەکە دەبووردرێت بە مەرجێك بەهاکەیان لە (١٥٪)ی بەهای ئامێرو مەکینەکان پتر نەبێت، ئەویش بە بڕیارێکی پێشینەی سەرۆکی دەستە ورەزامەندی لەسەر لیستەکانی وچەندایەتیان دەبێت.

**چـوارەم**: لە ئامێرو دەزگا ومەکینە وکەرەستە پێویستەکان بۆ فراوانکردن یان پەرەپێدان یان نوێ کردنەوەی پرۆژە دەبووردرێن.

**پێنجـەم**: رەسمی گومرگ بۆ ماوەی (٥) ساڵ لە سەر ئەو کەرەستانەی بۆ بەرهەمهێنان هاوردراوون دەبووردرێن، بە مەرجێك جۆر وبرەکانیان لەلایەن دەستەوە دیار بکرێن، بەڵام دەبێ بە پلەی یەکەم ئەو کەرەستە خاوە خۆماڵیانەی لە هەرێمدا چنگ دەکەون وبۆ پرۆژەکە بەکەلك دێن لەلایەنی چەندی چۆنیەوە بەکاربێن .

**شەشـەم**: وەبەرهێن، بۆی هەیە، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، هەموو پێداویستیەکانی پرۆژەکە هاوردە بکات، وەك ئامێر ومەکینە ودەزگا وکەرەستە ، ئەو هاوردانەش لە هەموو باجی خاڵەکانی گومرگی سنووری هەرێم دەبەخشرێن، بە مەرجێك تەنیا بۆ مەبەستەکانی پرۆژەکە بەکاربێن.

## بەشی دووەم
## بەخشـینەکانی سـەربار

**ماددەی شەشـەم:**

**یەکـەم**: بەپێی بەرژەوەندییەکانی گشتی لە هەرێمدا دەستە بۆی هەیە هاندان و ئاسانکاری زیاتر بۆ ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریە وەبەرهێنانەی رێپێدراوون بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، پێشکەش بکات، کە یەك لەم دوو ئاکارەیان تێدا بەدی بکرێت بەپێی ئەو رێکسازیانەی دەستە بۆ ئەم مەبەستە دایان دەنێت:

أ) ئەو پرۆژانەی لە ناوچە کەم پەرەسەندووەکاندا دادەندرێن.

ب)ئەو پرۆژانەی بە هاوبەشیی وەبەرهێنی بیانی ونیشتمانی دادەمەزرێن.

**دووەم**: دەستە بۆی هەیە بەخشینی سەربار بدات لە رەسمی شتە کرِاوکانی وەك کەل و پەل و رایەخ وپێداویستیەکانی بە سەردەم کردن ونوێ کردنەوە هەر(٣) ساڵ جارێك بەو پرۆژە وەبەرهێنە خزمەتگوزاریانەی کە بەپێی ئەم یاسایە دادەمەزرێن، بەپێی سروشتیان وبەتایبەتی پرۆژەکانی هۆتێل ونەخۆشخانە وشارە گەشت و گوزارییەکان و زانکۆو قوتابخانەکان، بەمەرجێك تەنها بۆ پرۆژەکە بەکار بێن ولەماوەی ساڵێك لەرۆژی دەرچوونی رەزامەندی سەرۆکی دەستە لەسەر لیستەکانی شتە کرِاوەکان و چەندێتیان بهێندرێنەوە ناو هەرێمەوە.

## بەشـی سـێیـەم
## گرەنتیـە یاساییەکان

**ماددەی حەفتـەم:**

**یەکـەم**: وەبەرهێن بۆی هەیە پرۆژەکەی وەبەرهێنانی دڵنیا (تأمین) بکات لەلایەن هەر کۆمپانیایەکی دڵنیاکاری کە بەگونجاو دەزانێت، بیانی یان نیشتمانی، کە بەهۆیەوە لەسەر هەموو لایەنەکانی ئەو کارانەی ئەنجامی دەدات دڵنیای بکات.

**دووەم**: وەبەرهێن بۆی هەیە کار بەکریکاری خۆجێی وبیانی پێویست بۆ پرۆژەکە بکات لە گەڵ پێشخستنی کرێکاری خۆماڵی لە کارپێکردندا، بەپێی یاساکانی کارا لەهەرێمدا.

**سـێیەم**: وەبەرهێنی بیانی بۆی هەیە سوود وقازانجی سەرمایەکەی بۆ دەرەوە بنێرێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**چــوارەم:** کرێکارە ناعیراقییەکانی پرۆژەکەوئەوانـەی لـە دەرەوەی هەرێمـدا مامەڵـەیان لەگەڵدادەکـەن بۆیان هەیە پارە وکرێیەکانیان بۆ دەرەوە رەوانە بکەن.

**پێنجــەم:** وەبەرهێنی بیانی بـۆی هەیـە سـەرمایەکەی رەوانـەی دەرەوەبکاتـەوە لـەکاتی پاکتـاوکردنی پرۆژەکـەی، یـان رەفتـارکردنی لەسـەریدا بـەجۆرێك لەگـەڵ حوکمـەکانی یاسـاو رێکارەکـانی گومرگی وباجیی کارا لە هەرێمدا ناکۆك نەبێت.

**شەشەم:** وەبەرهێنی بیانی بۆی هەیە پرۆژە وەبەرهێنەکەی بخاتە سەر ناوی وەبەرهێنێکی دیکەی بیانی یان وەبەرهێنێکی نیشتمانی. یـان لـە بەشـی خـۆی لـە پرۆژەکـە دەرچـێت بـۆ هاوبەشـەکەی، بەرەزامەنـدیی دەسـتە. وەبـەرهێنی نـوێ جێگـەی وەبـەرهێنی کـۆن دەگرێتـەوە لـەو مـاف وپابەندیانەی لە پرۆژەکە دا کەوتوونەتەوە.

**حەوتــەم:** وەبەرهێن بۆی هەیە بۆ بەرژەوەندی پرۆژە رێپێدراوەکەی بـەپێی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە، حیسابێك بە دراوی نیشتمانی، بیانی یان بە هەردووکیان لە یەکێك لە بانقەکانی هەرێم یان لە دەرەوە بکاتەوە.

**هەشتەم:** وێـرای لەبەرچاوگرتنی یاساکانی کارا سەبارەت بـە ئەنجومەنـەکانی کۆمپانیاکـانی هاوکـاری، ئەو پرۆژانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە تۆمارکراون و شێوە یاساییەکەیان هـەر چـۆنێك بێـت بـە پرۆژەکـانی کـەرتی تایبـەت دادەنـدرێن، سروشـتی یاسـایی ئـەو سـامانانەی تێیانـدا پشکداری کراوە هەر چۆنێك بێت.

**نۆیەم:** بە پێی ئەم یاسایە، وەبەرهێن ماف هەیە نهـێنی زانیارییـە هونـەری و ئابووریـەکانی تایبـەت بـە پرۆژەکەی پارێزگاری لێبکرێت ودەست پێشخەریە وەبەرهینەریـەکانی بپارێزرێـت، ئەمـەش بـە پێـی حوکمـەکانی ئـەو یاسـا ورێـسا ورێنماییانـەی لـە هەرێمـدا کـاران. هەرکەسـێك زانیاریـەك سـەبارەت بــە دەستپیــشخەریەکانی بەرهــەمهێنی ولایەنــە هونــەری وئــابووری ودارایــیــەکانی پرۆژەکەی بڵاو بکاتـەوە کـە بـەحوکمی فەرمانەکـەی بەدەسـتی کـەوتوون، بـە پێـی یاسـا سـزا دەدرێت.

## بەشـی چــوارەم
## پابەندییــەکانی وەبــەرهێــن

**مادەی هەشتەم:**

دەبێ وەبەرهێن بەمانەی خوارەوە پابەند بێت:

**یەکەم:** پێناسەی بواری وەبەرهێنانی خۆی بکات سەبارەت بەو پرۆژانەی پێشتر ئەنجامی داوون وبـاری دارایی وئەو گرێبەستانەی جێبەجێی کردوون دەست نیشان بکات.

**دووەم:** دەسـتە، بـە تـەواوبوونی پرۆژەکـە ودەسـتکردن بـە پێـشکەشکردنی خزمەتگوزاریـەکانی یـان بەرهەمهێنانی راستەقینەی، ئاگادار بکاتەوە.

**ســێیەم:** ئاسـانکاری پێویـست بـۆ فەرمانبـەرانی تایبەتمەنـدی دەسـتە دابـین بکـات، سـەبارەت بـە کۆکردنەوەو بەدەست خستنی زانیاری پێویست دەربـارەی لایەنـە هەمـە جۆرەکـانی پـرۆژە بـۆ مەبەستەکانی دەستە.

**چــوارەم:** تۆماری تایبەتی ئەوکەرستە هاوردانەی پرۆژەکە بکاتەوە، کە بەپێی حوکمەکانی ئـەم یاسـایە لە رەسمی گومرگ بەخشراون.

**پێنجـــەم:** پـاکی ژینگـە وئاسـایش وتەندروسـتی گـشتی بپارێزێـت وپابەنـدبێت بـە سیـستەمی پێوانـە وکۆنترۆلکردنی چۆنایەتی بەپێی پێوەرە نێونەتەوەییەکان.

**شەشەم:** مەشق بەکریکاری خوجێی پرۆژەکە بکات ورایان بهێنێت.

ئەنجومەنی ووەزارەتی دادی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## بەشــی پێنجــەم
## رێکارە یاساییەکان لە کاتی سەرپێچی کردنی وەبەرهێنــەر

**ماددەی نۆیــەم:**

**یەکــەم:** لە کاتی سەرپێچی کردنی وەبەرهێن لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، یان لە یەکێك لە برگەکانی گرێبەستی مۆرکراو لە نێوان ئەو لایەنە تایبەتمەندەکاندا، دەستە سەرپێچیکار ئاگاداردەکاتەوە وداوای لێدەکات یەکسەر ئەو چالاکیەی بۆتە هۆی سەرپێچیەکە بوەستێنێت وماوەیەکی گونجاوی بۆ دیاری دەکات کە گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی سەرپێچیەکە بۆ لادان ونەهێشتنی شوێنەوارەکانی.

**دووەم:** لە حاڵەتێکدا وەبەرهێن پێیداگرت لەسەر رانەگرتنی سەرپێچیەکە ولانەبردنی شوێنەوارەکانی بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی سەرەوە، دەستە، زەویەکەی لێ دەسێنێتەوە، وئەو بینایانەی لەسەریشی دروست کراوون، ئەگەر هەبن، بەناوی خۆی تۆماریان دەکات بە نرخی کەرەستەکان بە هەڵکەندراوی، بەپێی یاسا. ئەو بەهایەش دەکەوێتە ئەستۆی وەبەرهێنی نوێ کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەو زەویەی بۆ تەرخان دەکرێ بۆ ئەوەی پرۆژەکە تەواو بکات. سەرپێچیکاریش بەرپرسە لەهەر زەرەرو زیانێك کە لە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی پابەندییەکانی بێنە ئاراوە.

**سێیەم:** ئەگەر خاوەن پرۆژەکە، بەبێ رەزامەندی دەستە هەموو ئەو زەویەی بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە، یان بەشێکی لە ژێرەوە بەکرێ دا، یان بەکاری هێنا بۆ مەبەستێکی دی لە پرۆژەکەدا، زەویەکەی یان ئەو بەشەی بەکرێی داوە یان ئەو بەشەی کە بۆ مەبەستێکی دیکەی بەکار هێناوە لێ دەسەندرێتەوە. ئەو کاتە خاوەن پرۆژە دەبێ دوو هێندەی کرێی هاوتا (أجر مثل) بدات لە بری بەکرێدانی زەویەکە یان بەکارهێنانی بۆ مەبەستێکی دیکەی پرۆژەکە. ئەو پارانەش بەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکومەتی کارا لە هەرێمدا وەردەگیرێتەوە. لە حاڵەتی لێوەرگرتنەوەی هەموو زەویەکەی، مامەڵە لەگەڵ وەبەرهێنی سەرپێچیکار بەپێی حوکمەکانی برگە(٢)ی سەرەوە دەکرێ، سەبارەت بەو بینایانەی کە لە کاتی لێوەرگرتنیەوە لەسەری دروست کراون.

## دەروازەی سێیەم
## پێکهاتە وەبەرهێنەریەکان

### بەشی یەکەم
### دەستەی وەبەرهێنان و پێکهاتە و ئەرکەکانی

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** دەستەیەك دادەمەزرێت بەناوی (دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان) وکەسایەتیەکی یاسایی وسەربەخۆیی دارایی و کارگێری دەبێ، وبۆی هەیە هەموو رەفتارە یاساییەکانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەنجام بدات.

**دووەم:** دەستە، سەرۆکێکی دەبێت بە پلەی وەزیر وگشت ماف ودەسەڵاتێکی وەزیری دەبێت وخۆی بەرپرسە لە ئاراستەکردنی کارەکان وسەرپەرشتی وچاودێریی چالاکیەکانی وهەرشتێك کە پەیوەندی بە ئەرك وفەرمانەکان وکاروبارەکانی دیکەی دەستەوە هەبێت. ئەو فەرمانگانەی خوارەوەشی پێوە بەندن:

أ) فەرمانگەی لێتۆژینەوە وزانیاریەکان،
ب) فەرمانگەی بەرێکردن وهەڵسەنگاندن ومۆڵەتپێدانی پرۆژەکان.
ج) فەرمانگەی کاروباری یاسایی وکارگێری ودارایی.
د) فەرمانگەی شارو ناوچە پیشەسازیەکان.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**سـێیەم**: بارەگای دەستە لە هەولێر، پایتەختی هەرێم دەبێت وچەند لقێکی لـە پارێزگایـەکان دەبێـت و هەر لقێك فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات.

**چـوارەم**: دەستە بۆی هەیە لەکاتی پێویست، چەند بەش وهۆبەیەك بێنێتە کایەوە ولێکیـان بـدات، یـان لایان بدات.

**پێنجـــەم**: پێکهاتـەی بەڕێوەبەرایەتیـەکانی دەسـتە ولقـەکانی وئـەرك وفـەرمان ودەسـەڵاتەکانیان بـە پێڕەوك دەکرێت کە دەستە دایدەنێت وئەنجومەن پەسەندی دەکات.

**شەشـەم**: دەسـتە کەشـی لـەبار بـۆ وەبـەرهێنان دەرەخسـێنێت کـە بووژانـەوەی ئـابووری لـە هەرێمـدا بێنێتەدی وستراتیژی وپلان وسیاسەتی وەبەرهێنان ئامادە دەکات ودەیخاتە بەردەم ئەنجومەن بۆ پەسەند کردنی وهەماهەنگی لە نێوان لقەکانی لە هەرێمدا دەکات.

**مادەی یازدەم:**

مەرجە ئەو کەسەی کە لەیەکێك لـە پۆسـتەکانی سـەرۆکی دەسـتە وبەڕێوەبەرایەتیـە گشتیەکاندا دادەمەزرێت:

**یەکـەم**: بەلایەنی کەمەوە، خاوەن بڕوانامەیەکی زانکۆیی سەرەتایی بێت کە پەیوەندی هەبێت بەو فەرمانەی لێی دادەمەزرێت،

**دووەم**: شارەزا بێت وکاری کردبێت لە بواری پسپۆڕیەکەیدا بۆ ماوەی حەوت ساڵ، بەلای کەمەوە.

**مادەی دوازدەم:**

دەبێ گشت وەزارەت و دەزگاو فەرمانگەکانی پەیوەندیدار لە هەرێمدا پابەندبن بەو بڕیارانـەی تایبـەتن بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان، بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ولە دەستەوە دەردەچن.

**ماددەی سـیازدەم:**

سـەرۆکی دەسـتە بـۆی هەیـە گرێبەسـت لەگـەڵ کەسـانی سروشـتی و یاسـایی(مەعنـەوی) نـاوەوە ودەرەوەی هەرێم مۆربکات بـۆ راپەڕانـدنی ئـەو ئـەرك وفەرمانانـەی پێیـان دەسـپێرێت بـۆ هێنانـەدی ئامانجەکانی دەستە. ماف و ئەرکەکانیشیان لەلایەن سەرۆکی دەستەوە دەستنیشان دەکرێن.

## بەشی دووەم
## ئە نجومەنی باڵای وەبەرهێنان

**ماددەی چواردەم:**

**یەکەم**: ئەنجومەنی بـاڵای وەبـەرهێنان لـە هەرێمـدا پێـك دێـت لـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران وەك سەرۆك وجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە جێگری ولەکاتی ئامادەنەبوونی جێی دەگرێتەوە وبە ئەنـدامێتی وەزیرانـی: دارایـی وئـابووری وبازرگـانی وشـارەوانی وپلانـدانان وکـشتوکاڵ وپیـشەسازی وسەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان.

**دووەم:**

١) سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە داوا لە وەزیرێکـی دیکـە بکـات کـە بەشـداری لـە کۆبوونـەوەکانی ئەنجومەن بکات کە تایبەت بێت بە وەزارەتەکەیەوە.

٢) سـەرۆکی ئەنجومـەن بـۆی هەیـە داوای ئامـادەبوونی نوێنـەری کـەرتی تایبـەتی پەیوەنـددار بـە پرۆژەکە بکات.

٣) ئەنجومــەن پێــرەوی نــاوخۆی دادەنێــت، ســەبارەت بــە کۆبونــەوەی ئەنجومــەن و دەرکردنــی بڕیارەکان تیایدا.

**سێیەم**: ئەنجومەن ئەو دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

١) دانانی ئەو سیاسەت وستراتیژیانەی پەیوەنددارن بە وەبەرهێنان ودەستە پێشنیاریان دەکات لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی هەرێم.

٢) پەسەند کردنی پلان وبەرنامەی چالاکی دەستە لە چوارچێوەی پلانی گشتی هەرێمدا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣) تێڕوانینی ئەو راپۆرتە خولەییانەی سەرۆکی دەستە سەبارەت بە راپەڕاندنی کار لەدەستەدا پێشکەشی دەکات وئەو پرسانەی پەیوەستن بەبارو کەشی وەبەرهێنان لە هەرێم دا و چی پێویستە لەبارەیانەوە بکرێت.

٤) تێڕوانینی پێگەی دارایی دەستە وپەسەندکردنی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی.

٥) پەسەند کردنی گرێبەستی ئەو قەرز وئاسانکاریە دەستەبەریانەی پێشکەش بەدەستە دەکرێن بەدەستەبەری حکومەت وبانکەکان ودەزگا داراییەکانی تایبەتمەند بە پێی ئەو رێکار وسیستەمانەی داندراون. بەمەرجێ مەبەستەکانیان تەنها بۆ دارایی کردنی ئەو چالاکیانە بێت کەدەستە لە سنوری تایبەتمەندیەکانیدا ئەنجامیان دەدات.

٦) دانانی سیستەمێك بۆ چاودێری وبەدواداچوون وهەڵسەنگاندنی کارەکانی وەبەرهێنانی بیانی بۆ ئەوەی لەو کۆسپ وتەگەرانەی دێنە رێیان تێبگەن وکاربکەن بۆ زاڵبوون بەسەریاندا.

٧) پەسەند کردنی پێڕەوی ناوخۆی دەستە.

## بەشی سێیەم
## بودجەی دەستە

**مادەی پازدەم:**

دەستە بودجەیەکی هەیە لە نێو بودجەی گشتی هەرێم دا.

## دەروازەی چوارەم
## مۆڵەتپێدانی پرۆژەکان وناوبژیوانی

## بەشی یەکەم
## رێکارەکانی مۆڵەت پێدانی پرۆژەکان

**مادەی شازدەم:**

**یەکەم:** لە پێناوی سوودوەرگرتن لەو بەخشین وتایبەتکاریانەی (امتیازات) لەم یاسایە داهاتوون، پێویستە وەبەرهێن مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەکەی لە لایەن دەستەوە بەدەست بێنێت.

**دووەم:** دەستە، لەسەر داوای وەبەرهێن، مۆڵەت بە دامەزراندنی پرۆژە دەدات، بەپێی ئەو مەرجانەی لەلایەن دەستەوە دەستنیشان کراوون. پێویستە دەستەش لەمیانەی(٣٠)رۆژ لە رۆژی تەواوکردنی پێداویستی ومەرجەکانی هونەری ویاسایی وئابووری، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بریار لەبارەیەوە بدات، وێڕای لەبەرچاو گرتنی ئەو رێکسازی وپێوەرانەی دەستە دایان دەنێ.

**سێیەم:** دەبێ دەستە راو بۆچوونی لایەنە تایبەتمەندەکان وەربگرێت سەبارەت بەکەڵك وسوودی دەرکردنی مۆڵەتی دامەزراندنەکە ودەبێت ئەو لایەنانەش رای خۆیان دەربڕن بەڕەزامەندی، رەت کردنەوەی، یان هەموارکردنی لەماوەیەك لە (٣٠)رۆژ تێپەڕنەکات لەرۆژی رەوانەکردنی داواکەیەوە بۆی لەلایەن دەستەوە.وەلآم نەدانەوەی ئەم لایەنەش بەڕەزامەندی دادەنرێت وەئەگەر رەتی کردەوە دەبێ بڕیارەکەی پاساوی هەبێت.

**چوارەم:** ئەگەر داوای دامەزراندنەکە رەت کرایەوە، داواکار بۆی هەیە رەخنە بگرێت لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەن لەماوەی(١٥) رۆژدا لە رۆژی پێڕاگەیاندنیەوە بە بڕیاری رەت کردنەوەکە وسەرۆکی ئەنجومنیش لەماوەی(٣) رۆژدا بڕیار لەسەر رەخنەکە دەدات وبڕیارەکەشی لەم بارەیەوە کۆتاییە.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## بەشـی دووەم
## ناوبژیـوانی

**مادەی حەڤدەم:**

کێشەکانی وەبەرهێنان بەپێی گرێبەستی مۆرکراو لە نێوان هەردوو لادا یەکلا دەکرێنەوە. ئەگەر لە گرێبەستەکەش هیچ برگەیەکی وا نەبوو ئەوا بە رێگەیەکی دۆستانە و بەرەزامەندی هەردوو لایەن چارەسەردەکرێن، لە حاڵەتێکدا ڕەزامەندی هەردوو لایەن بەدەست نەهات، هەردوو لا بۆیان هەیە هانا بەرن بۆ ئەو ناوبژیوانیەی کە حوکمەکانی لە یاسا رەچاوکراوەکانی هەرێم دا دیارکراوون، یان بەپێی حوکمەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی هەر رێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی، یان دووقۆڵی کە عێراق لایەنێك بێت تیایاندا.

## بەشـی سـێیەم
## حوکمە کۆتـاییەکان

**ماددەی هەژدەم:**

**یەکەم:** بریاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ ئیدارەی سلێمانی ژمارە(٨٩)ی ساڵی ٢٠٠٤، کە تایبەتە بەهاندانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا، پووچەڵ دەکرێتەوە و دەستەی هاندانی وەبەرهێنان و پێکهاتەکانی هەڵدەوەشێندرێنەوە، کە بەپێی مادەی (١٦)ی بریاری سەرەوە پێکهاتووە و هەموو ماف و پابەندیەکان و سامانە گوێزراوەو نەگوێزراوەکانی دەبنە هی (دەستەی وەبەرهێنان)، کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

**دووەم:** گشت ئەو پرۆژە وەبەرهێنەریانەی مۆڵەت دراوون لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانی دامەزراو بەپێی بریارە پووچەڵکراوەکەی برگەی یەکەمی سەرەوە و ئەو پرۆژە وەبەرهێنەریانەی ئیدارەی هەولێر، بەپێی یاسا بەرکارەکان مۆڵەتی پێداوون، بە پرۆژەی وەبەرهێنانی یاسایی دادەنرێن و بەردەوام دەبن لە سوود وەرگرتن لەو ئیمتیازو هاندەرانەی پێیان دراوون.

**سێیەم:** گشت پرۆژەکانی دیکەی لە قۆناغی لێتۆژینەوە و هەڵسەنگاندن دان و هێشتا بریاری کۆتاییان لەلایەن دەستەی هەڵوەشایەوە، وەك پرۆژەی وەبەرهێنان پێدەرنەچووە، ڕەوانەی ئەو دەستەی وەبەرهێنانە دەکرێن کەبەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دامەزراوەو فەرمانگە تایبەتمەندەکانی دەستەش بەردەوام دەبن لە تەواوکردنی ئەو رێکارانەی دەستەی هەڵوەشایەوە پێیان هەڵساوە.

**ماددەی نۆزدەم:**

نابێ وەبەرهێن ئەو زەویانە بەناو بکات کە نەوت وغاز یان هەر سامانێکی کانزایی بەنرخ یان سەنگینی تیابێت.

**ماددەی بیستەم:**

دەبێ ئەو وەبەرهێنەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی هاوکاری ئەنجام دەدات دەستەبەری پێویست پێشکەش بکات بۆ پارێزگاری لەسامانی هاوکارەکان ودەبێ دەستە رێکاری دڵنیاکاری بانکەوانی پێویست بگرێتە بەر بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی.

**ماددەی بیست ویەکەم:**

ژمێرکاری دەستە لەلایەن دیوانی چاودێری داراییەوە وردکاری دەکرێت.

**ماددەی بیست ودووەم:**

ئەوحاڵەتانەی دەقێکی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە، دەکەوێتە بەر ئەو رێسا گشتیانەی لە یاساکانی دیکەی پەیوەنداردا هاتوون، بە مەرجێك حوکمەکانی لەگەڵ حوکمی ئەم یاسایەدا پێچەوانە نەبن. لەکاتی ناکۆکی لە نێوانیاندا، حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێن.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان

**ماددەی بیست وسێیەم:**

سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە رێنماییەکانی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.

www.mojkurdistan.com

**ماددەی بیست و چوارەم:**
دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ولایەنەکانی پەیوەنددار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**مادەی بیست و پێنجەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە جێبەجێ دەکرێت ولە رۆژنامە فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاو دەکرێتەوە.

**مسـعود بـارزانی**
**سـەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێـراق**

لە رۆژی (٢٠٠٦/٧/١٥)ی زاینی لە هەولیر دەرچووە
یـــــــەرامبەر ( ١٧/پوشپەر/٢٧٠٦)ی کــــــــوردی

**هۆی دەرکردنی یاساکە**

بە ئامانجی دروســتکردنی کەش و هەوایـەکی هانــدەر بۆ وەبەرهێنان لــە هەرێمی کوردستانی عیراق ولابردنی کۆسپەکانی یاســـایی لە بەردەمیدا وماوەدان بۆ کارپێکردنی ســەرمایەی نیشتمانی و بیانی بەیەکەوە وبەتەنها لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان، بەو شێوەیەی هاوکارییەکی کاریگەر لە پرۆسەی بوژانەوەی ئابووری بکات وبۆ ئەوەی ئاسانکاری و پشتگیری هاندەر بدرێ ولەهەندێ باجی سەرمایەکانی وەبەرهێنراو ببوردرێت ولە پێناو هێنانەکایەی دەستەیەکی وەبەرهێنانی تایبەتمەند بۆ رێکخستنی لایەنە هەمە جۆرەکانی پرۆسەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا ئەم یاسایە داندرا.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

هەرێمی کوردستان
سەرۆك
ژمارە: ٦٠
بەروار: ٢٠٠٦/٧/٦

**( فەرمانی هەرێمی )**

پشت بەستن بەو دەسەلآتانەی پێماندراوە بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٥ی هەموار کراو بەیاسای ژمارە٢یسالی ٢٠٠٦،بریارماندا بەوەی:
(ئالآی کوردستان)بەتەنها لەم شوێنانەی لای خوارەوە هەلّبکرێت:
١–سەرجەم دام و دەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان
٢–سەرجەم بارەگاکانی لەشکری کوردستان
٣–سەرجەم بازگەکانی هەرێمی کوردستان
٤–حیزبە سیاسیەکان دەتوانن لەبارەگاکانیاندا لەتەك ئالآی کوردستاندا ئالآی حزبەکانیان هەلّبکەن.
٥–لەهەربۆنەیەکی رەسمیدا کەپێویست بەهەلّکردنی ئالآی عێراق بکات،ئەوە ئالآی شۆرشی ١٤ی تەموزی سالی ١٩٥٨هەلّدەکرێت،تا ئالآیەکی دیکەی بەپێی دەستور بۆ دەولەتی عێراق فیدرال دەست نیشان دەکرێت.
نوسراوە لەهەولێر لە رۆژی چواری مانگی حەوتی سالّی ٢٠٠٦.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ژمارەی بڕیار: ١
ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٦/١/٢٢

## بڕیــار

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمـارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٢١یدا، پشت بە بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوو ماددەی (٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن ئـەنجامی داوەو، بـەپێی ئـەو سـەلاحیاتەش کە مادەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمانی داوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرهێنا:

**یەکــەم:** تەسـدیقکردنی پێکهـاتنی گرێـدراوی نێـوان سـەرکردایەتی هـەردو پـارتی یـەکێتی نیـشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەلایەن هەردوو ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و جـەلال تاڵـەبانی ئەمینـداری گـشتیی یـەکێتی نیـشتمانیی کوردستانیەوە، لە (٢٠٠٦/١/٢١)دا دەربارەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی و پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو بۆ هەرێمی کوردستان – عێراق ئیمزا کرابوو.

**دووەم:** ئەو پێکهاتنە بەپاشکۆیەکی ئەم بڕیـارە لەقەڵـەم دەدرێ و لەهـەمان ڕۆژەوە دەخرێتـە بـەرکارو بڕیارەکە لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بـارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## ڕێکەوتننامەی یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان، ئەمڕۆ لەهەموو کاتێك زیاتر ئەوە دەخوازێ کە ڕۆڵەکانی یەك دەست و یەك ڕیز ووزە و توانای خۆیان بۆ زاڵبوون بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی ئەم دۆخە هەستیارو چارەنووسسازەی کوردستان و عێراق، زیاتر یەك بخەن، بۆ ئەوەی:

–قۆناغی نوێی دیموکراسی و فیدراڵییەت سەرکەوتووانە ببڕن.

–بۆمسۆگەرکردنی دەستکەوتە مێژووییەکانی گەلەکەمان و هێنانەدی تەواوی مافە ڕەواکانی، بەچەسپاندن و جێبەجێ کردنێکی دەستووری هەمیشەیی عێراق و دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی راستەقینە.

–لەپێناوی گەڕانەوەی کەرکوك و خانەقین وشەنگارو مەخمورو ناوچە تەعریبکراوەکانی دیکە بۆ ئامێزی کوردستان.

–هەروەها بۆپەرەپێدان و گەشەکردنی ئەزموونی دیموکراسی کوردستان و باشتر جێگیرکردنی ئارامی و ئازادییەکان و چەسپاندن و یەکخستنەوەی یەکجارەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بەپێی بنەماکانی شەراکەت و تەوافوق و تەحکیم و هاوسەنگی، ڕێکەوتن لەسەر:

**یەکەم:** پۆستی نوێی بەناوی جێگری سەرۆکی هەرێم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا، دەستنیشان بکرێت، کە لە هەمان کاتدا دەبێتە جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش کە لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەبێت.

**دووەم:** سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی، لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پێکەوە دەستنیشان دەکرێن و، لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، بۆ پێکهێنانی کابینەی هاوبەش تەکلیف دەکرێن و، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناوی کابینەکە پێشکەش بە پەرلەمان دەکات.

**سێیەم:** سەرۆکی پەرلەمان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەپارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت، تاکو هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧)، بۆهەڵبژاردنی داهاتوو پارتی و یەکێتی بەیەك لیست وەکو یەك بەشداری هەڵبژاردن دەکەن و ئەوکاتەش پۆستی سەرۆکی پەرلەمان پارتی وەری دەگرێت و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش یەکێتی وەری دەگرێت، ئەمە بۆ دوو ساڵ.. پاش ئەو پارتی و یەکێتی جێگۆڕکێی بە پۆستەکانی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەنەوە.

ئەگەر هاتوو لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٧) هەڵبژاردن ئەنجام نەدراو پێشبینی ئەوە کرا، کە هەڵبژاردن دوادەکەوێت، ئەوا جێگۆڕکێ بەهەردوو پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت.

**چوارەم:** هەر کوتلەیەکی وەزاری یەکێتی و پارتی، ئەگەر لە کابینەی هاوبەش کشایەوە، ئەوا کابینەکە بەدەست لەکارکێشاوە (مستقیل) دەژمێردرێت.

**پێنجەم:** پۆستی وەزارەتەکان، بەم شێوەیە دابەش دەکرێن:

أ–وەزارەتەکانی (ناوخۆ، داد، پەروەردە، تەندروستی، کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوقاف، سەرچاوەی ئاو، گواستنەوە، ئاوەدانکردنەوە، پلان دانان، ماف مرۆڤ) بۆ یەکێتی نیشتمانی دەبن.

ب–وەزارەتەکانی (دارایی، پێشمەرگە، خوێندنی باڵا، کشتوکاڵ، شەهیدان، ڕۆشنبیری، کارەبا، سەرچاوەی سروشتی، شارەوانی، وەرزش و لاوان، وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم) بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەبن.

ج–وەزارەتەکانی تر دەدرێن بەپارتە کوردستانیەکانی تر.

د–وەزارەتەکانی دارایی، پێشمەرگە، دادو ناوخۆ، لەماوەی کەمتر لە یەك ساڵ یەك بگرنەوە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ئەم چوار وەزارەتە تاکو یەکگرتنەوەیان بۆهەر وەزارەتێك وەزیرێك و وەزیرێکی هـەرێم دەبێت بۆ کاروباری وزارەتی تایبەتمەند، هەر یەکەو بۆبەشی ئەو وەزارەتەی کەلـە ناوچـەی ژێردەسـەڵاتی خـۆی دایە.

**شەشـەم:** بودجـەی سـاڵی (٢٠٠٦) وەکـو بڕیـاری لێـدراوە، بـەڕێوە دەچـێت، بـەڵام بەشـی بودجـەی سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومـەنی دادوەری و هـەر بابـەتێکی دیکەی هاوبەش، لەهەر لایەك وەك یەك جیا دەکرێتەوە.

پاشـان بـۆ سـاڵانی داهـاتوو، بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان، دوای وەرگرتنـی لەلایـەن حکومـەتی یـەکگرتووی هەرێمـەوە، پێشکەشی پەرلـەمانی کوردسـتان دەکرێت و دوای پەسـەندکردنی، بۆناوچە جیاجاکان، بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوان و بەپێی ڕێککـەوتن لـەناو حکومەتی یەکگرتوودا، تەرخان دەکرێت.

**حەوتەم:** دامەزراندنی لیژنەیەکی باڵا لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی هەرێم، بۆ بەدام و دەزگایی کردنـی (مؤسسات)و یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی هەرێمی کوردستان لـەماوەی دوو ساڵدا وەکو دام و دەزگای یەکگرتووی هەرێمی کوردستان، دوور لە بنەمای حزبایەتی.

دوای دەست بەکاربوونی حکومـەتی یـەکگرتوو، لەپایتـەختی هـەرێمی کوردسـتاندا (هـەولێر) خـولێکی تایبـەتی بـۆ دەرچـوانی زانکۆکـان، بەمەبەسـتی دامەزرانـدنیان لەئاسایـشی پارێزگاگـان وەك هەنگاوی یەکەم بکرێتەوە، لـەپێناوی یەکخـستنەوەو دامەزراندنـەوەی ئـەم دەزگـا گرنگانـەی گەلەکەمان.

**هەشتەم:** نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەدا، بەپێی ڕێککەوتنی هەردوولا لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی ، دادەنرێن.

**نۆیەم:** لەهەموو پارێزگاکانی کوردستاندا، لیژنەیەکی هاوبەشی یەکێتی و پارتی و بـۆ چارەسـەرکردنی گرفت و کێشەکان، دادەمەزرێت.

**دەیەم:** هەردوولا بەڕێز مام جەلال، بۆ پۆستی سیادی حکومەتی فیدراڵی عێراق کاندید دەکەن.

**مسـعود بـارزانی**
**سەرۆکی پـارتی دیموکراتی کوردستان**
**٢١/کانونی دووەم/ ٢٠٠٦**

**جـەلال تـاڵەبانی**
**سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان**
**٢١/کانونی دووەم/ ٢٠٠٦**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**بڕیاری**
**ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦**

پشت بەو یاساكارییەی كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق، لەدانیشتنی ژمارە (١٠)ی رۆژی (٢٠٠٦/٦/٢١)یدا، بەپێی حوكمەكانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)و ماددەی (٦)ی پێڕۆی ناوخۆی ئەنجومەن ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش كە بەماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی پێماندراوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرچواند:

**یەكەم:**

متمانەدان بە بەڕێز **(د. ئاشتی هەورامی)** ببێ بە وەزیری سامانە سروشتیەكان لە حكومەتی هەرێمی كوردستان.

**دووەم:**

ئەم بڕیارە لەرۆژی سوێندخواردنی یاساییەوە رێكەوتی ٢٠٠٦/٦/٢١ جێبەجێ دەكرێ و لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان)دا بڵاو دەكرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق**

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**بڕیاری**
**ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٦**

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق، لەدانیشتنی ژمارە (١٠)ی ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/٢١)یدا، بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ماددەی (٦)ی پێڕۆی ناوخۆی ئەنجومەن ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بەماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی پێماندراوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرچواند:

**یەکەم:**

بڕیاردان لەسەر پاڵاوتنی بەڕێز **(کۆسرەت رەسول عەلی)** بۆپۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم:**

ئەم بڕیارە لەرۆژی سوێندخواردنی یاساییەوە رێکەوتی ٢٠٠٦/٦/٢١ جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)دا بلاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان-عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٦**
**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٦/٦/٢٩**

## بڕیار

پشت بەستن بەحوكمی ماددەی (٥٦) بڕگەی (٣) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو ماددەی دەیەم بڕگەی (١٢) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو، ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان — عێراق، لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٢)ی ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/٢٩) ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا:

یەكەم: قبوڵكردنی دەست لەكاركێشانەوەی (چنار سعد عبدالله) لە ئەندامییەتی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان — عێراق.

دووەم: قبوڵكردنی پاڵێوراو (د. ڕۆژان عبدالقادر) بەئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان — عێراق.

سێیەم: لەبەرئەوەی پاڵێوراو لە (٢٠٠٦/٦/٢٩) دا سوێندی یاسایی خواردووە، ئەندامێتییەكەی لە ئەنجومەنی نیشتمانی كوردسانی عێراقدا، لە (٢٠٠٦/٦/٢٩)ەوە لەكاردا دەبێت.

چوارەم: پێویستە سەرۆكایەتی ئەنجومەن ئەم بڕیارە بخاتە بەركار.

پێنجەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ئیقراركردنییەوە ڕێكەوتی (٢٠٠٦/٦/٢٩) دەخرێتە بەركارو لە (وەقایعی كوردستان)دا بڵاودەكرێتەوە.

**عەدنان ڕەشاد موفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتیمانی**
**كوردستان-عێراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق**
**ژمارەی بریار:٧**
**رۆژی بریار:٢٠٠٦/٦/٢٩**

## بریــار

پشت بـەحوکمی مـاددە(٧)لـە پـەیرەی نـاوخۆ ئەنجومـەنی نیـشتیمانی کوردسـتان–عێـراق و، یاسـای ژمـارە(١)ی سـاڵی (١٩٩٢)هــەموار کراو،ئەنجومــەن لەدانیــشتنی ژمـارە(١٢)ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/٢٩)ئـەم بریارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** خولی بەستنی یەکـەمی ئەنجومـەنی نیـشتیمانی کوردسـتان–عێـراق سـاڵی ٢٠٠٦لـە ٢٠٠٦/٦/٣٠ کۆتای پیێ هات درێژ دەکرێتەوە تا ٢٠٠٦/٧/٧.

**دووەم:** ئــەم بریــارە لەرێکــەوتی ٢٠٠٦/٧/١ دەخرێتــە بــەرکارو لــە رۆژنامــەی رەسمــی (وەقــایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**عەدنان رەشاد موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی**
**کوردستان-عێراق**

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق**
**ژمارەی بریار:٨**
**ڕۆژی بریار:٢٠٠٦/٧/٤**

## بریـــار

پشت بەحوکمی ماددەی(٣٨)لەپەیرەوی ناوخۆی ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان–عێراق و، دوابەدوای بریاری ژمارە(٥)ی رۆژی(٢٠٠٥/٦/١٦)،ئەنجومەن لەدانیشتنی ژمارە(١٥)ی ڕۆژی (٢٠٠٦/٧/٤)دا ئەم بریارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم**: ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان– عێراق بەڕێز **(ڕۆژان عبدالقادر)** بۆ لێژنەی **(کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا)و(ڕۆشنبیری و (کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی )** زیاد دەکرێ.

**دووەم**: ئەم بریارە لەڕۆژی (٢٠٠٦/٧/٤)ەوە ئیقرار کراوە وکاری پێ دەکرێت و، لە رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان)یشدا بڵاودەکرێتەوە.

**عەدنان رەشاد موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی**
**کوردستان-عێراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو مهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق**
**ژمارەی بریار:٩**
**رۆژی بریار:٢٠٠٦/٧/١٠**

## بریـــار

پشتبەستن بەحوکمەکانی ماددەی(١)لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی( ١٩٩٢)و،ماددەی(٢٣)لە پەیروی ناوخۆی ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان–عێراق ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە(١)ی نائاسایی رێکەوتی (٢٠٠٦/٧/١٠)ی ئەم بریارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:**

ئەرك و فەرمانی سکرتێری ئەنجومەن بەرێز **(فرست احمد عبدالله)** بەدرێژای ماوەی ئامادەنەبونی لە ئەنجومەندا،دەسپێردرێت بەئەندامی ئەنجومەن بەرێز **(شیروان ناسح حیدری).**

**دووەم:**

ئەم بریارە لەرۆژی دەرچونیەوە کاری پێ دەکرێ و لە(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**عەدنان رەشاد موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی**
**کوردستان-عێراق**

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی دارایــی و ئابــووری**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیــوان**
**بەڕێوبەرایەتی خۆیــەتی**
**مێژوو: ٢٠٠٦/٧/١٣**

**بەیــان ژمــارە (١)**

بەپێی ماددەی چوارەم بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستان ژمارە (١٣)ی ساڵی (١٩٩٢)وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیاماندا بە:
**(کردنی بنکەی گومرگی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی بە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی).**

**ســەرکیس ئاغاجان مامەندۆ**
**وەزیــری دارایی و ئابــوری**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
رئاسة اقليم كوردستان – العراق

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءًا على ما عرضه مجلس وزراء اقليم كوردستان – العراق، قرر المجلس الوطني لكوردستان– العراق بجلسته المرقمة (١٥) والمنعقدة في ٤/ ٧/ ٢٠٠٦ تشريع القانون الآتي:

## قانون رقم ( ٤ ) لسنة ٢٠٠٦
## قانون الاستثمار في اقليم كوردستان - العراق

### الباب الأول
### الأحكام العامة

### الفصل الأول
### التعاريف

